### ئەمەل حیجازی بۆ گوڵان:

# هونەرمەند بەردەوام پێویستی بە نوێکاری هەیە

ئەمەل حیجازی هونەرمەندێکی خاوەن بەهرە و سەلیقەیەکی هونەرییە، ئەگەرچی ماوە ماوە بەهۆی پابەندبوونی بە ئەرکە خێزانییەکانیەوە وەکو دایک و ئافرەتی ماڵ دەرکەوتنی کەم دەبێت، بەڵام هەر کاتێکیش دەرکەوت، ئەوا بەرهەمێکی بەپێز پێشکەش دەکات کە دووبارە بوونی خۆی بەهێزتر لە پێشوو دەسەلمێنێت و جەماوەرەکەی رازی دەکات، لە پێوەندییەکدا بە تەلەفۆن ئەمەل حیجازی بەم شێوەیە وەڵامی پرسیارەکانی داینەوە.



*** ئێستا زۆر لە کچە هونەرمەندەکان بەوە تاوانبار دەکرێن کە پشت بە خۆ رووت کردنەوە و نیشاندانی جوانی و وروژاندن دەبەستن بۆ سەرکەوتن لە کارەکانیان و پەیدا کردنی جەماوەر، رات چییە بەرامبەر بەمانە؟**

- هەر کەسێك ئازادە بۆ خۆی چۆن دەردەکەوێت، من خۆم دژی ئەوەم کە ئێستا هەیە و پشت بە وروژاندن دەبەستێت و هیچ پەیوەندییەکی بە هونەرەوە نییە بۆیە ناکرێ ئەو جۆرە کەسانەش بە هونەرمەند ناوببرێن، بەڵام وەك گوتم هەموو کەس ئازادە خەڵکانێك هەن حەز لەو جۆرە دەرکەوتنە دەکەن.

*** ئەی جوانی؟**

- ئەمەش بۆ ماوەیەکی دیاریکراوە، پێموایە ئەمانە نابنە هونەرمەند، ئەمانە زوو لەناودەچن و لە بیر دەکرێن و نموونەشمان زۆرە، ئەوەی دەمێنێتەوە ئەو کەسانەن کە هونەرێکی بەهێز پێشکەش دەکەن و پشت بە توانا و بەهرەی خۆیان دەبەستن .

*** پێویستە هونەرمەند بۆ سەرکەوتنی بەردەوام دەربکەوێت و کاری زۆر پێشکەش بکات؟**

- من دەڵێم نەك بۆ هونەرمەندی گۆرانیبێژ بەڵکو بۆ هەموو ئەو کەسانەی کە لەنێو کۆمەڵگادا ناوبانگیان هەیە دەرکەوتن و ریکلام زۆر گرنگە وەك یاریزان و ئەکتەر و دەبێتە هۆی ئەوەی زیاتر دەرکەوێت، هەروەها دەرکەوتنی هونەرمەند و ریکلام سوودی بۆکۆمپانیاکانیش هەیە، چونکە ئەوانیش سوود لە ناوبانگی ئەو کەسانە وەردەگرن و لە کۆتاییدا سوودی ماددی زۆریان پێدەگات، گرنگ ئەو نرخە نییە کە دەدرێتە هونەرمەند.

*** ئایا پێکهێنانی ژیانی هاوسەری و دایکایەتی نابنە هۆکارێك بۆ دوورکەوتنەوەی ئافرەتە هونەرمەندەکان لە کاری خۆیان بەتایبەتی گۆرانیبێژەکان کە پێویستە بەردەوام پەیوەندی لەگەڵ جەماوەردا هەبێت؟**

- هەر گۆڕانکارییەکی نوێ لە ژیانی هونەرمەند تەنانەت ئەگەر بچووکیش بێت کاریگەری دەبێت لەسەر ئەو رەوتەی کە ئەو پێشتر لەسەری چووە، رەنگە وەك جاران کاتی نەبێ و نەتوانێت هەموو کاتی خۆی بۆ کاری هونەری تەرخان بکات، ئەمەش زۆر ئاساییە بەتایبەتی بۆ ئافرەت، منیش وەك هەر ئافرەتێك شوو کردن و دایکایەتی تا رادەیەك کاریگەرییان هەبوو، بەڵام نەگەیشتە ئەو رادەیەی دوورم بخەنەوە بەڵکو تەنیا راوەستانێکی کاتی بوو و دواتر بە هێزتر گەڕاومەتەوە.

*** تۆ زۆر جار شێوەی خۆت دەگۆڕی و جەماوەر تووشی شۆك دەبێت کاتێك بە ستایلێکی نوێوە دەتبینن، ئەمە کاریگەری لەسەر ئاستی جەماوەریت نەکردووە؟**

- مرۆڤ بەردەوام پێویستی بە نوێکاری هەیە بەتایبەتی بۆ هونەرمەند، منیش یەکێکم لەوانەی حەز لە نوێکاری دەکەم بۆیە زۆر جاری دیکە لێکدرایەوە، زۆر جاری وا هەیە گۆرانیبێژ بۆ تۆمار کردنی کلیپێك بە شێواز و ستایلێکی نوێ دەردەکەوێت کە رەنگە مایەی سەرسوڕمان بێت،ئەمەش بە زۆری لەسەر داوای دەرهێنەر بووە، گۆرانیبێژیش پابەندە بە رێنماییەکانی دەرهێنەر بۆ سەرکەوتنی کلیپەکەی.

***زۆر لە هونەرمەندان دەڵێن ناوبانگ زیان بە هونەرمەند دەگەیەنێت ئەمە تا چەند راستە؟**

- من وەك هەر هونەرمەندێکی دیکە دووچاری گرفتی جیا بوومەتەوە زۆر جاریش گرفتەکان ئەوەندە گەورە نەبوون کە بەو شێوەیە باسیان لێوە بکرێت، بەڵام دەزگاکانی راگەیاندن گەورەیان کردووە، چەندین جار شتی زۆر گەورە دەربارەی من گوتراوە کە بە هیچ شێوەیەك وا نەبووە لەوانەیە هەڵەیەکی ئاسایی یان رۆتین لێك تێنەگەیشتنێك هەبێت میدیاکان بیکەنە گرفتێکی زۆر گەورە، ئەگەر دە دەقە لە فڕۆکەخانەیەك دوابکەویت زۆر ئاساییە بۆ بەیانی لە رۆژنامەکان بنووسن فڵان هونەرمەند رێگای پێ نەدرا بچێتە ئەو وڵاتە و لە پاڵ ئەمە قسەی دیکەی زۆریشت بۆ هەڵدەبەستن، لەم حاڵەتەدا ئەگەر وەڵامیان بدەیتەوە یان نەدەیتەوە لە کۆتاییدا هەر کاریگەری دەبێت، بۆ نموونە جارێکیان باس لەوە کراوە کە رێگا بە من نەدراوە بچمە وڵاتی کوێت.

*** کەواتە تۆ ئاگادار نەبوویت؟**

- نەخێر بە هیچ شێوەیەك، چونکە ئەو کات گوتیان ئەم رێگە پێنەدانە پەیوەندی بە لایەنی ئایینییەوە هەیە لەکاتێکدا من مرۆڤێکی مولتەزمم و لە خانەوادەیەکی موحافیزکارم و هیچ کاتێك پەیوەندی نێوان خۆم و خوام نەپساندووە بگرە زۆر پابەندم بە رۆژوو گرتن و نوێژەکانم و زۆر جار لە مانگی رەمەزاناندا من لە کاری هونەری دادەبڕێم تەنانەت چەند جارێك باسی ئەوەم کردبوو کە زۆر ئاساییە من حیجاب بپۆشم، بەڵام تا ئێستا بیرم لەوە نەکردۆتەوە واز لە گۆرانی بهێنم، چونکە دەبێ ئەو کارە بە قەناعەتەوە بکەم.

*** رق و قینە لە ژیانی ئەمەل بوونی هەیە؟**

- نەخێر، چونکە گرفتی تایبەت و شەخصیم لەگەڵ کەسدا نییە بۆ ئەوەی رقم لێی بێت.

*** ئایا زانیاریت دەربارەی کوردستان هەیە؟**

- زۆر خۆشحاڵم کە جەماوەرم لە کوردستان هەیە و هیوادارم بتوانم رۆژێك لە رۆژان ئاهەنگیان بۆ ساز بکەم.

*** ئەی سەبارەت بە هونەری کوردی؟**

- ئەوەی راستی بێت زانیاریی ئەوتۆم نییە، بەڵام ئەگەر گوێم لە هونەر و گۆرانی کوردی ببێت بتوانم سوودیان لێ ببینم .

*** بۆ تۆ ئاساییە سوود لە هونەر و ئاوازی میللەتانی دیکە وەربگریت لە کارەکانی خۆتدا؟**

- بەڵێ زۆریش ئاساییە و هیچ گرفتێکم نییە لە بەکارهێنان و سوود وەرگرتن لە ئاوازی بیانی ئەگەر خۆش بێت جا هی کێ بێت و لە هەر شوێنێك بێت، چونکە مۆسیقا هیچ ناسنامەیەکی دیاریکراوی نییە، گرنگ ئەوەیە بتوانم جەماوەری خۆم رازی بکەم، من سوودم لە ئاوازی میللەتانی دیکە وەرگرتوو.

*** ئەگەر یەکێك داوات لێ بکات بە کوردی گۆرانی بڵێی رازای دەبیت؟**

- رەنگە زمانەکە بۆ من تۆزێك گرفت بێت، بەڵام ئەگەر بتوانم ئامادەم بیڵێم.

*** دوا وتەت چییە؟**

- تا ئێستا دەرفەتی ئەوەم بۆ نەڕەخساوە سەردانی کوردستان بکەم، بەڵام لێرەوە بە جەماوەری خۆم لە کوردستان دەڵێم رەنگە من ئاگادار نەبم لەوەی لە کوردستان خەڵکانێك هەن گوێ لە دەنگی من دەگرن و هونەری منیان بە دڵە ئەمەش بۆ من مایەی شانازییە، هیوادارم ئاشتی و برایەتی و خۆشەویستی لە جیهاندا بڵاوبێتەوە و ناوچەی ئێمە لە نەهامەتییەکان دوور بێت، هەروەها جەماوەری من ئەوانەی منیان خۆش دەوێت زیاتر منیان خۆش بوێت و بەڵێن دەدەم منیش بەردەوام بم لە خزمەت کردنیان بە هونەرەکەمەوە.






# دیاناحەداد: بەم زووانە روو لە بیزنس دەکەم

خانمە گۆرانیبێژی لوبنانی دیانا حەداد نهێنی دروشـــمی «DH» ی ئاشـــکرا کرد کە لە دوایین کلیپیدا دیاردەکەوێت وتی: ئەو دروشمە لەمەودوا مارکەی بازرگانیی تایبەتی من دەبێت و لە ماوەیەکی نزیکدا چەنـد بەرهەمێکی تایبەت بە کەرەســتەی جوانکاری ئافرەتان بڵاودەکەمەوە کە ئەم دروشمەیان لەسەرە.

دەربــارەی رووکردنە بواری بیزنس دیانــا وتی: من بە سروشتی خۆم حەز لە کەرەستەی جوانکاری و بۆن دەکەم و شــارەزاییەکی باشم لێی هەیە، بۆیە بیرم لەوە کردەوە کە بۆچی ئەم کارە نەکەم بۆ ئەوەی سوود لە شارەزایی خۆم وەربگرم و دەســت بە بیزنس بکەم چونکە ئەمە سوودی بۆ من و کچەکانیشم هەیە.

دیانا دەربارەی کچەکانیشـی دەڵێت: گرنگترین شـت بە لای منەوە ئەوەیە کە بەهـا ئایینییەکان لە ناخی کچەکانمدا بروێنم، بۆیە مامۆســتایەکی تایبەتـم بۆیان دابینکـردووە بۆ ئــەوەی فێری قورئــان خوێندنیــان بــکات و چاودێرییەکی زۆریشیان دەکەم بۆ ئەوەی بزانم چۆنن و چ پێشــکەوتنێکیان بە دەستهێناوە لە بواری ئایینیــی، چونکە بەها ئایینیەکان وا لە مرۆڤ دەکەن لە هەنگاوەکانیان لە ژیان بەهێزتر بن و لە هەموو جۆرە لادانێکیان دەپارێــزن بەتایبەتــی لــە کۆمەڵگا رۆژهەڵاتییەکانی هاوشێوەی ئێمە کە رەگوریشەیەکی بە هێزی هەیە.





# پینیلۆپ کرۆز دەبێتە گەورەترین کچەکانی جیمس بۆند

چەند راپۆرتە هەواڵێك رایانگەیاند کە ئەستێرەی سینەمایی پینیلۆپ کرۆز خۆی ئامادە دەکات بۆ بەشـداری کردن لە بەشــی نوێی فیلمی جیمس بۆند کە لە هاوینی داهاتوودا دەست بە وێنەگرتنی دەکرێت.

ئەگەر پینیلۆپ بەشـداری لەم فیلمەدا بکات دەبێتە بە تەمەنترین کچەکانی جیمس بۆند، چونکە لە نیســانی داهاتوودا تەمەنی دەبێتە ٤٠ ســاڵ، لەم بارەیەوە رۆژنامەی (دەیلی مەیل)ی بەریتانی لە چەند سـەرچاوەیەکی نزیك لە بەرهەمهێنەرانی فیلمەکەوە رایگەیاند :پێشتر بەرهەمهێنــەران زۆر داوایان لە پینیلۆپ کرد بەشـداری بکات، بەڵام لەبەر ئەوەی بــە چەند کارێکی دیکەوە پابەند بوو نەیتوانی بەشـدار بێت. سام مەندیز پاڵێوراوە بۆ ئەوەی کاری دەرهێنانی ئەم فیلمە بکات کە دەرهێنەری دوایین بەشــی فیلمەکەیە بەناوی (ســکای فۆڵ) کە خافییر باردیمی هاوسەری پینیلۆپ تێیدا بەشدار بوو، دوای بەشداری کردنیشی پینیلۆپ نازناوی (بە تەمەنترین کچی بۆند)ی پێدەبەخشرێت کە پێشتر بە ناوی خانمە ئەکتەری بەریتانی (هۆنۆر بلاکمان)بوو کاتێك ساڵی ١٩٦٢ لە تەمەنی ٣٩ ســاڵیدا بەشداری کرد لە فیلمی (گۆڵد فینگەر) کە بەشێکی ئەم فیلمە بوو.

# ریهانا:
# گرنگی بە رەخنەکان نادەم

بەر لە ماوەیەك ریهانای کچە گۆرانیبێژی ئەمریکی بە بێهۆشی لە کاتی گۆرانی وتن لە ئاهەنگێك لە شاری ئەنتویرب تۆمەتبار کرا لەلایەن چەند رۆژنامە و دەزگای راگەیاندنی ئەمریکییەوە، بەڵام ریهانا هیچ گرنگییەکی بەو تۆمەتانە نەدا.

بەر لە چەند هەفتەیەك چەند وێنەیەکی نیمچە رووتی ریهانا لەگەڵ کۆمەڵە هاوڕێیەکی لە پاریسی پایتەختی فەرەنسا بڵاوکرایەوە و لە تەنیشتی وێنەیەکی دیکەی بڵاوکرایەوە کە بێهۆش دیار بوو، ریهانا لە وەڵامی بڵاوکردنەوەی ئەم وێنانە و تۆمەتانە وتی: من هیچ گرنگییەك بە رەخنە نادەم، تەنیا گرنگی بەو کارانە دەدەم کە خۆم ئەنجامیان دەدەم و ئەوەی جەماوەرەکەم پێیخۆشە، چونکە دەزانم بە هەر شێوەیەك بم خەڵکانێك رەخنەم لێدەگرن و دەیانەوێ کاریگەرییان لەسەر من و کارەکانم هەبێت.

ریهانا زیاتر وتی: من جەماوەری خۆم بە پێوەر دەزانم بۆ سەرکەوتنەکانم، هەروەها من ئازادم چی دەپۆشم و چۆن دەردەکەوم لەسەر شانۆ، هەر کاتێك جەماوەر راستەوخۆ لەسەر شانۆ رەخنەیان لێگرتم و رازی نەبوون بە کارەکانی من ئەو کات هەندێك کەس دەتوانن رەخنەم لێبگرن، بەڵام من هیچ کاتێك گرنگی بە رەخنە نادەم.



# شانۆن هەوڵی کوشتنی ئۆبامای داوە

نووسینگەی لێکۆڵینەوەی فیدراڵی ئەکتەری ئەمریکی شانۆن رۆجرزی کە لە چەند زنجیرە دراما و فیلمدا رۆڵی لاوەکی هەبووە، دەستگیر کرد بە تۆمەتی ناردنی چەند نامەیەکی پیسبوو بە ماددەی (ریسن)ی ژەهراوی بۆ باراك ئۆبامای سەرۆکی ئەمریکا و عومدەی نیویۆرك مایکل بلۆمبیرگ و چەند کەسایەتییەکی دیکە.

ئاژانسەکانی هەواڵی ئەمریکا رایانگەیاند کە (ئێف بی ئای) رۆجرزیان دەستبەسەر کرد لە کێشەی نامە پیسبووەکان و لێکۆڵەرەوان دەڵێن سەرچاوەی نامەکان ناوچەی ریفبۆرتە لە ویلایەتی ئەریزۆنا و گومانیان لەوە هەیە رۆجرز نامەکانی ناردبێت، دەزگا فیدرالییەکان ئەوەشیان راگەیاند سەرەتا رۆجرز رایگەیاند هاوسەرەکەی کە جەنگاوەرێکی پێشووە لە ریزەکانی سوپای ئەمریکا نامەکانی ناردووە، بەڵام دواتر دەرکەوتوو کە خۆی ناردوویەتی، شایەنی وتنە بەر لە چەند مانگێك نامەیەکی ژەهراوی بە ماددەی ریسین کە بڕی ٥٠٠ مایکرۆگرام یەکسەر مرۆڤ دەکوژێت.

# ئلین خەلەف:
# تا رادەیەک لە خۆم رازیم



خانمە گۆرانیبێژی لوبنانی ئەلین کە جگە لەوەی ستایلێکی تایبەتی هەیە لە گۆرانی وتندا لە هەمان کاتدا زۆر لە گۆرانییە کۆن و فۆلکلۆرییەکانی وتووەتەوە لە بەرهەمەکانی خۆی و لە ئاهەنگە تایبەتییەکانیشدا، ئلین هونەرمەندە کۆنەکان بە قوتابخانە دەزانێت و دەڵێت:پێش ئێمە زۆر هونەرمەندی گەورە هەبوون کە بۆ ئێمە وەك قوتابخانەن ئێمەش هەوڵ دەدەین بەردەوام بین لەسەر هەمان رێڕەوی ئەوان، بەڵام هەر یەکێك بە ستایلێکی تایبەت بە خۆی کە جەماوەر بتوانێت لەو ستایلە بیناسێت، چونکە هەر هونەرمەندێك لە ستایلێکدا زیاتر سەردەکەوێت ئەگەرچی پێویستە هەموو جۆرە ستایلەکانی موزیك بەکاربهێنین و لێیان شارەزا بین، بۆ ئەوەی هەر کاتێك جەماوەر حەزی لە چ جۆرە موزیك و گۆرانییەك بوو، گۆرانیبێژ بتوانێ بە زمانی خۆی سەرکەوتوانە بیڵێ و سەرنجی گوێگر بۆ لای خۆی و گۆرانییەکەی رابکێشی، بەڵام ستایلی تایبەت بۆ هونەرمەند زۆر گرنگە.

ئەلین خەلەف دەربارەی ئەوەی تا چەندە لە کار و بەرهەمەکانی خۆی رازییە دەڵێ: من تا ئێستا لە گۆڕەپانی هونەریدا بەردەوامم و خاوەن جەماوەرێکی زۆرم، بەڵام هیچ مرۆڤێك ناتوانێت لەو بوارەی تێیدا کار دەکات بە تەواوی رازی بێت، بێگومان منش مرۆڤم و کەموکوڕیشم هەیە ئەمەش بە لای منەوە ئاساییە، بەڵام تا رادەیەك لە خۆم رازیم.

# گەزیزە: لە هونەردا نابێ مام

*** روو کردنە بواری گۆرانی وتن وەك حەز وئارەزوو بوو بۆ تۆ یان لە بەهرە و توانای تۆوە سەریهەڵداوە؟**

- لە وەڵامی ئەم پرسیارەدا دەبێ بڵێم کە هەردووکیان، واتە هەر لەمنداڵییەوە بۆم دەرکەوت کە هەم بەهرەو توانای مۆسیقا و گۆرانیم هەیەو هەم حەزیشم لە مۆسیقا بوو. بە جۆرێك کە لە پێنجساڵییەوە دەستم بە فێربوون و ژەنینی پیانۆ کردووە.

بە هەمان شـــێوە لە قوتابخانەش لە بۆنـــە جۆراوجۆرەکاندا کۆڕی مۆسیقای هاوکلاسەکانم ساز دەکرد و بەڕێوەم دەبرد.

*** یەکەم کەس کێ بوو کە هانیدای بۆ گۆرانی وتن؟**

- لەڕاســـتیدا لە مناڵییەوە باوکم هانـــی دەدام کە لە پاڵ وانەکانی دیکەی قوتابخانەدا خەریکی فێربوونی مۆســـیقا و گۆرانی وتنیش بم. لەم ساڵانەی دواییشدا کە گەورەتر بووم کاك چیـــای مەدەنی رۆڵێکی گرنگی هەبـــووە لە بەردەوام بوونم لەم بـــوارەدا، لە لایەك هانـــی دەدام، لەلایەکی تریش یارمەتی زۆری داوم و خۆی پێوە ماندوو کردووم بۆیە لێرەوە بە پێویستی دەزانم رێز و سڵاوی خۆمی پێشکەش بکەم.

*** خوێندنت هیچ پێوەندییەکی بە گۆرانی وتنەوە هەیە؟**

-نەخێر خوێندنی من لە بوارێکی دیکەی جیایە لە هونەر و گۆرانی، بەڵام لە هەمان کاتدا ئەوەندەی پێم بکرێت لە بواری مۆسیقاش بەردەوامم لە هەوڵدان، چونکە مۆسیقا و گۆرانی بۆ من حەز و ئارەزووە.

*** جگە لە گۆرانی وتن چ بەهرەیەکی دیکەت هەیە، ئایا بیرت لە بواری دیکەش نەکردۆتەوە؟**

-ئەگەر مەبەستت بواری مۆســـیقایە، من پێم خۆشە وەك زانستیش زیاتر فێری مۆسیقا بم. یا فێری ژەنینی ئامرازی مۆســـیقای دیکەش بم، بـــەڵام دیارە ئەمەش لەســـەر کات و دەرفەت وەستاوە، ئایا تا چەندە فرسەتم دەبێ.



*** ئێستا ژمارەیەکی زۆر ئافرەت لە بواری گۆرانیدا بوونیان هەیە ئەمەش جۆرێك لە ململانێ دروست دەکات، چۆن خۆت ئامادە کردووە بۆ ئەم ململانێیە؟**

- بەلای منەوە مۆسیقا خۆی هونەر و زانستە. هونەرو زانستیش رەگەز ناناسێ و هیچ جیاوازی دروست ناکات لەنێوان رەگەزەکان. دنیای پێشکەوتووش هەر بەم شێوەیە دەڕوانێتە هونەرو مۆسیقا. دیارە لە هەموو کۆمەڵگایەکیشدا ڕوانین و بۆچوونی جیاواز هەیە، ئەوەی گرنگە ئەوەیە کە ئازادی بیرو ڕا وەك مافی هەر تاکێك لە کۆمەڵگادا بەڕەسمی بناسرێ.

*** زۆر لە ئافرەتان دەڵێن گرفتی کۆمەڵایەتی ڕێگرە لەبەردەم کاری هونەرییان، ئایا تەنیا لەرووی کۆمەڵایەتییەوە ئافرەت ئاستەنگی بۆ دروست دەبێت؟**

-بەداخەوە تەنانەت لەم سەردەمەشدا لە زۆر شوێنی دنیا مافی یەکسان بۆ ئافرەت و پیاو بە ڕەسمی نەناسراوە. ئەوە ئەرکی سەرشانی هەموو مرۆڤێکە کە هەوڵ بدات بۆ پێکهێنانی دنیایەکی یەکسان و ئازاد.

*** ئامادەی گۆرانییەك بڵێی باس لە جوانییەکانی کوڕێك بکات؟**

- ببوورن من وەڵامێکم بۆ پرسیاری لەو چەشنە نییە.

*** ڕەخنەی زۆر لە هەندێك ئافرەتی گۆرانیبێژ دەگیرێت بەوەی کە ئەوەندەی لەشولاری خۆیان نمایش دەکەن ئەوەندە گرنگی بە گۆرانی وتن نادەن، تۆ چۆن بیرت لەم لایەنە کردۆتەوە؟**

-وەك پێشتریش وتم مۆسیقا هونەرە. بە ڕای من نابێ ئاڵوگۆڕی بازرگانی بە هونەرەوە بکرێ. بە تایبەت مامەڵە کردن بە جەستەی مروڤ نرخی ئەو کەسانە دێنێتەخوار و بێ ڕێزییە بە مرۆڤ . بۆمن هیچ جیاوازییەك ناکا چ ئافرەت بە خۆی بکا و چ پیاو و یا خود کەسانی دیکە پێیان بکەن.

*** زۆر لە هونەرمەندان سەرەتا بەگۆرانی فۆلکلۆر دەست پێدەکەن، تۆش بیرت لەوە نەکردۆتەوە یان دەتەوێ یەکسەر بە گۆرانی خۆت دەست پێبکەیت؟**

- من هەر لە منداڵییەوە فێری گۆرانی فۆلکلۆری بووم و وتومە و زۆریش پێمخۆشە کاتێك دەیڵێم، بەڵام ئەوەی گۆرانی هونەرمەندێکی دیکە دووبارە بکاتەوە بەشێوازێکی نوێ ناتوانێ تام وچێژی ئەو گۆرانییەی پێ ببەخشێت کە یەکەم جار گۆرانیبێژەکە خۆی وتویەتی. بۆ نموونە زۆر کەس گۆرانی مامۆستا عەلی مەردان دەڵێنەوە، بەڵام بە ڕای من هیچیان ئەو تام و چێژەی دەنگ و گۆرانی مامۆستا عەلی مەردانی نییە.

*** لە هەندەران کاری هونەری ئاسان نییە، بیرت لەوە نەکردۆتەوە بێی لە کوردستان کار بکەی ؟**

- هەرچەندە زۆر حەزم لە مۆسیقایە، لە بەر ئەوەی من قوتابیم بەداخەوە کاتی زۆرم بە دەستەوە نییە، بەڵام وەك حەز پێم خۆشە لە کوردستان بم و ئەوەی لە دەستم دێ لە ئاستی هونەریشدا پێشکەشی خەڵکی وڵاتی خۆمی کەم.

*** چ پەیامێکت هەیە لە گۆرانی وتن؟**

-پەیامی هەر هونەرمەندێك لە هەر گۆرانیەکدا پێوەندی بە هەلومەرجی تایبەتی ئەو سەردەم و ئەوشوێنەوە هەیە کە گۆرانییەکەی تێدا پێشکەش دەکرێ. دیارە هەر کەسیش پەیامەکە بەجۆرێك وەردەگرێت. بە واتەیەکی دیکە ناکرێ چوارچێوەیەکی دیاریکراو بۆ گۆرانی و پەیامەکەی هەبێ. ئەوە تایبەتمەندیی هونەرە. هەربۆیەشە کە پێی دەوترێت هونەر.

*** کوردانی ڕۆژهەڵات گرنگی بە مۆسیقای سوننەتی دەدەن تۆ کە لە سەرەتای کاری هونەریدای تا چەند گرنگیت بەم جۆرە مۆسیقایە داوە؟**

- بەڕای من مۆسیقای سوننەتی و شارەزا بوون لێی زۆر گرنگە وجێگەی تایبەتی خۆی هەیە. ئەو گۆرانیبێژانەی بە ستایلی سوننەتی گۆرانییان وتووە تەنیا بەخاتری هونەر و پاراستنی رەسەنایەتی هونەرەکەیان پێشکەشیان کردووە و لە ڕاستیدا دەکرێ بڵێین بناغەی موسیقای کوردی لە وێوە هاتووە و ئەوان داهێنەر بوون. ئێمە وەکو کورد هەمیشە باس لە مۆسیقای رەسەن و پاراستنی دەکەین و مۆسیقای سوننەتی یەکێکە لە شێوازە رەسەنەکانی مۆسیقا.

*** ئایا گۆرانی فارسی هیچ کاریگەری بەسەر تۆوە هەبووە؟**

- لەبەر ئەوەی من لە ئێران نەژیاوم و فارسی نازانم و زۆرم گوێم لە گۆرانیی فارسی نەگرتووە، بۆیە دەتوانم بڵێم نەخێر گۆرانی و هونەری فارسی کاریگەریی وای لەسەر من نەبووە.

*** تا ئێستا بەشداریت لە هیچ ئاهەنگ و بۆنەیەك کردووە؟**

- وەك پێشتر ئاماژەم پێ کرد لە هەموو قۆناغەکانی خوێندندا لە ئاهەنگ و بۆنەکانی زانکۆ گۆرانیم وتووە.

**دایک و باوکی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستانن، بەڵام گەزیزە ساڵی ١٩٩١ لە شارە ساردەکەی ئۆبسالای وڵاتی سوید چاوی بە ژیان هەڵهێناوە، هەرچەندە قوتابی قۆناغی دووەمی کۆلێژی دەرمانسازییە، بەڵام خۆشەویستیەکی بێ سنووری بۆ هونەر هەیە و بەهۆی پاڵپشتی و هاندانی دایک و باوکی و بە پشت بەستن بە هەرەو توانا هونەرییەکانی خۆیەوە رووی لە بواری گۆرانی وتن کردووە و لە چەندین ئاهەنگ و بۆنەی نیشتمانیدا بەشداری کردووە و ئێستا لە خۆ ئامادەکردندایە بۆ بڵاوکردنەوەی بەرهەمێکی نوێ بە هەماهەنگی لەگەڵ هونەرمەند چیا مەدەنی، لە دەرفەتێکدا چەند پرسیارێکمان ئاراستە کرد.**



# ...ەڵە بە جەستەی مرۆڤەوە بکرێت